نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە ئایدن مەعرووف وەزیری کاروباری پێکهاتەکانی کرد

ئێوارەی ئەمڕۆ سێشەممە (24ـی تشرینی یەکەمی 2023)، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئایدن مەعرووف وەزیری کاروباری پێکهاتەکانی حکومەتی کاربەڕێکەری هەرێمی کوردستان کرد.

بەپێی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم هاتووە، "لە دیدارەکەدا هەردوولا دەربارەی دۆخی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان بیروڕایان گۆڕییەوە"، هەروەها ئایدن مەعرووف پوختەیەکی دەربارەی چەند لایەنێکی پەیوەندیدار بە دۆخی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان و ئامادەیی و ڕۆڵیان لە ژیانی سیاسی و کارگێڕیی وڵاتدا خستەڕوو.